دەیان کەس گیانیان لەدەستدا لەئەنجامی تەکشکانی فڕۆکەیەکی مەدەنی لە کەریای باشوور

لەئەنجامی تەکشکانی فڕۆکەیەکی مەدەنی لە کەریای باشوور زیاتر لە 85 کەس گیانیان لەدەستدا، دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەش پێشبینی دەکەن ژمارەی قوربانییەکان بەرزبێتەوە.

دەسەڵاتدارانی فڕۆکەوانی کەریای باشور ڕایانگەیاند، ئەمە یەکشەممە 29ـی کانوونی یەکەمی 2024، فڕۆکەیەکی سەر بە کەمپانیای چیچە لەکاتی نیشتنەوەیدا لە فڕۆکەخانەی موانی لە باشووری ڕۆژئاوای کەریای باشوور لەسەر ڕێگەی نیشتنەوەی خۆی لایداوە و لەئەنجامی بەرکەوتنی لەگەڵ دیوارەکی کۆنکرێتی ئاگری گرتووە و بەو هۆیەوە تەواوەتی فڕۆکەکە سوتاوە.

لە زانیارییە میدیا ناوخۆییەکانی کەریای باشوور ئاماژە بە ئەوەشکراوە، فڕۆکەکە لە شاری بانکۆکی پایتەختی تایلاندەوە هاتوە و 181 سەرنشینی تێدا بووە.

لەئێستادا سەرکی کەریای باشوور کەبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجامدا سەبارەت بە تەکشکاندنی ئەو فڕۆکەیە لە فڕۆکەخانەی موان لە باشووری ڕۆژئاوای سیئۆل.

کاربەدەستانی کەریای باشوور ڕایانگەیاند کە ژمارەی قوربانیانی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی موان لە باشووری ڕۆژئاوای کەریای باشوور گەیشتووەتە 85 کەس.